# یادێک بۆ دامەزراندنی کاژیک و 51 ساڵ لە تەمەنی 14 ی گوڵانی ساڵی 1959




ساسان دەروێش – هۆڵەندا

1 ساڵ لەمەوبەر لە دوای ڕووخانی کۆمارە ساواکەی مهاباد و ڕێڕەوە مێژوویەکەی بارزانی نەمروهەڤاڵانی بەرەو یەکێتی سۆڤێت و خامۆش بوونی ئەو تروسکایەی کە لە نێویا ( ئاڵای پیرۆزی کوردستان ) هەڵکرا لە 1945/12/17 و بووە پێناسی نەتەوەیەکی دابەشکراو وماف زەوت کراو لە نیشتیمانەکەی کەئەویش نەتەوەی کورد بوو ،هەموو وڵاتێک خاوەنی ئاڵای تایبەتی خۆیەتی و ئاڵای گشت وولاتەکانیش دەربڕی کۆمەڵیک مانای مێژووی وجوگرافی یان پێکهاتەی وولات یان میللەتن ،نەتەوەی کوردیش لەومێژوووەوە بەفەرمی خاوەنی ئاڵای خۆیەتی، کەچی تا ئێستا خاوەنی نیشتیمانی نەتەوەیی خۆیی نی یە کە هۆکارەکانی دەگەڕێننەوە بۆ کاری ڕامیاری و جوگرافی و مێژوویی وهەڵکەوتەی کوردستان ،لە نێو ئەو گەمە سیاسیانەی زلهێزەکانی جیهان وهەردووجەمسەری ئەمەریکاوسۆڤیەت و ئاڵۆزی ناوعێراق و نا ئارامی ڕەوشی سیاسی کوردستان ومل ملانیەی حیزبایەتی و ڕێ ڕەوگرتنی نا نەتەوەیی وخزمەت کردن بە داگیرکەرانی کوردستان لە نێو ئەو هەموو تەم ومژەدا ، ڕێکخراوی کاژیک لەسەر دەستی کۆمەڵیک لە ڕۆشنبیران وسیاسەت زانی کورد لە ( 14 ی گوڵانی ساڵی 1959 ) دامەزرا وەک ڕێکخراوێکی نەتەوەیی بە نێوی ( کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتی کورد ) واتا (کاژیک ) بە دروشمی کوردستان بۆ کورد و یەکسانی بۆگەڵ هاتە سەر شانۆی خەبات ودیارە ئەم ڕێکخراوەش تێکۆشانی لە پێناوی کوردستانێکی یەکگرتووی سەربەخۆ و گەلێکی ئازاد دابوو.

هەر وەک ئاماژەم پێ کرد لە سەرەتاوە. لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان لە ساڵی 1947 ، هیچ ڕێکخراو پارتێکی سیاسی کوردی وکوردستانی لە هیچ پارچەیەکی بندەستی داگیرکەران بە ئاشکرا ونهێنی بانگەوازی سەربەخۆیی کوردستانیان ڕانەگەیاندوە و داوای دروست بوونی دەوڵەتی کوردیان نەکردوە،بۆیە هەر لەسەرەتای دامەزراندنی کاژیکەوە کۆمۆنیستەکانی عێراق زیاتر لە ڕەگەزپەرستە عەرەبەکان کەوتنە دژایەتی و ناو ناتۆرە لێنانی وکەوتنە تاوانبارکردنیان بە کۆنەپەرست و بەکرێگیراوی بێگانە و زۆربێ ویژدانانە داگیرکەرانی کوردستان وپشتگیرەکانیان لە ئەڵقە لەگوێ کانی کورد و حیزبۆکەکانیان بە گەلەکۆمەکی و دڕندانە لە هەموولایەکەوە پەلاماریان دا بۆ خامۆش کردنی ئەو تروسکایەش کە دەنگ و ڕەنگی کوردی بە گوێی داگیرکەرانی کوردستان و دنیادا دەدا ( کوردستان بۆ کورد و یەکسانی بۆگەل ) ، یەکەمین بەرنامەی کاژیکیش بۆ هەڵگێڕانەوەی بنچینەیی ڕەوت و ڕەوشتی کۆمەڵگە دارشت،کاتێک دروشمی کوردستان بۆ کورد ویەکسانی بۆگەڵ ی وەک دوو تەواوکەری یەک هەڵگرت واتە دەیویست کورد لە وڵاتی خۆیاندا خۆیان فەرمانڕەوابن

نەک داگیرکەران، هاونیشتیمانانی کوردستانیش کە گەلی کوردستان پێکدەهێنن لە ڕووی مافی دەسەڵات وتوانستی بەکارهێنانی ئەو دەسەڵاتەوە یەکسان بن واتە لەکوردستان .

بە داخەوە لە نێو نا هۆشیاری نەتەوەیی وکەم ئەزموونی خەڵکی کورد بەرامبەر داگیرکەران وتێکۆشانی خەباتی لا بەلای کورد بۆ جەمسەرێکی جیهانی کە بێ ئاگا لە چەوساندنەوەی و داکۆکی نە کردن لێ ی کە دەریایەک خوێن وفرمێسکی کردە قوربانی ونیشتیمانیش بووە سوتماک ولەکۆتایشدا ئێمەی نەتەوەی کوردیش لەبری ماندووبون کردن لێمان کراینە میوان لەسەر خاکی کوردستان و داگیرکەرانی کوردستانیش بوونە خاوەنی ماڵ وکوردستان ،

ئەم کۆرپە ئازیزەی کە ناوی (کاژیک ) بوو، بێ ناز لە دایک بوو ،بێ ئەوەی خەڵکی کورد لە باوەشی گەرمی بگرن و ئاوات و ئامانجەکانی خۆیانی تیابببیننەوە ، هۆکارەکەشی بۆ چەواشەکاری حیزبۆکەکانی ئەوسەردەمە دەگەڕێتەوە کە بە دروشمی قەبەی نا حاڵی کوردیان لەخشتەبردبووکە ئەمڕۆ ئاکامەکانیانمان بینیەوە لەمایە پووچی وهیچ نە دوورینەوە لە ڕەنج وخەبات وقوربانی خەڵکی کوردستان .

کاژیکیش لە هەڵەی ئەوان وناهۆشیاری خەڵکی کوردستان، شان بە شانی پارتی دیموکراتی کوردستان و نسکۆی ساڵی 1975 بە کۆمەڵیک نهێنی وفایلی داخراوەوە ماڵ ئاوایی لە کوردستان و نەتەوەکەی کرد.

کە تا ئەمڕۆش نەتەوەی کورد بە دەست داگیرکەرانیەوە لە زوڵم و زۆرداری ئەناڵێنێ لەگەڵ ئەوهەمووپارت وڕێکخراوە کوردیەی کە هەشە لە هەموو پارچە و بندە ستەکانی کوردستانی داگیرکراو،هۆکارەکەشی دەگەڕیتەوە بۆ نەبوونی ستراتیژیکی نەتەوەیی وزاڵبوونی بیری داگیرکاران وخۆبەکەم زانین بڵێن کوردین و داوای مافی خۆمان دەکەین کە دەوڵەتی کوردیە .هەر وەک لە باشووری کوردستان و ەک ناوچەیەکی نیمچە ئازادکراو دەی بینین کە بیری عێراقچێتی زاڵبووە بە سەر حیزبۆکەکانی ولەنێو بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی نەیان توانیوە ئەوهەلە مێژوویانە بکەنە دەسکەوت ومژدانەی سەربەخۆی کوردستان ودروست بوونی دەوڵەتی کوردی کە چەند جارێک هەل بۆ گەیشتن بەوئاواتانە هاتونەتە دی لەپاش شەڕی کوێت وڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان لەساڵی 1991 وڕووخانی ڕژێمی بەعس ونەمانی سەدامی دیکتاتۆر لەساڵی 2003 ، سەرەڕای لە دەست دانی ئەم هەلە مێژوویانە هەندێک سەرکردە بۆ گەیشتن بە پلەو پایەو کورسی دیکتاتۆری وگرتنە دەستەلات ،خوێن وخەباتی چەند ملیۆن کورد بەگەیشتن بەوئاواتانەی کە کورد خەباتی بۆکرد بە خەونی شاعیرانە باس دەکات ،بەلام دروستکردنی عێراقێکی فیدڕاڵی بە خەون نازانێ کەی هێزێ هاتەوە نێو لەشی ساردوسڕی سەربازگەری عێراق لە نێو گەمەیەکی تری وەکو نسکۆی ساڵی 1975 هەموو

خەونەکانی فیدراڵی و دەستەڵات وکورسی سەرۆک کۆمار دەگۆڕدرێ بۆ یەک بەرمیل نەوت لەبەرامبەر بەرژەوەندیەکانی زلهێزەکانی جیهانی که لەهاوکێشەکاندا لە ماڵ وێرانی هیچی تر دەستەبەر ناکەین وەکو کورد ،کە گرنگترین خاڵ لە نێو ئەو هاوکێشەیەشدا کەرکوک و نەوتەکەیەتی ،دەستەڵاتی کوردی ئەوەشی لەدەست داوە بە هۆی بیناکردنی داڕووخاوی ئەو عێراقەی کە هیچ خەونێکی کوردی تیا سەوز نەبوو لەگەڵ ئەو هەموو سوکایەتیەی کە شۆڤێنی عەرەب وفارس وتورک بە خاک ومرۆڤی کوردی دەکەن بە بەرچاویانەوە و ووورتەیان لێ نایەت و هەڵوێستێکمان نەبێنی لە بەرامبەر داگیرکەران بینوێنن لە هێرشە ناڕەواکانیان لە هێرشی تۆپ باران کردن و گوللەباران کردنی تەیارەکانیان لە ئاسمانە ئازادەکانی باشووری کوردستانەوە بۆ گوندو لادێ ئاوەدان کراوەکانمان .بێ دەنگ بوونی دەستەڵاتی کوردی بۆتە هۆکاری کاڵبونەوەی کورد بوون و گەندەڵی ئیداریش لە نێوخۆ بۆتە مۆرانەو هەست وهۆشی نەتەوەیی لە کورد بڕیوە و لە بەردەمی گورگە داگیرکەرەکان و شێرە بەفرینەکانی ناوخۆ و فایل چی و سیخوڕو چاش و خۆفرۆشەکانی ئەنفال ،ئەمڕۆ ڕەوتێکی نەتەوەیی بوونی نەماوە کە دەلێم بەداخەوە دەبوایە نەوەیەکیان گۆش بکردایە بە بیری پیرۆزی کوردایەتی کە لە دوای ڕاپەڕین لە دایک بوون و بێ ئاگان لە مێژووی قوربانی کوردستان و داکۆکی کاربوونایە لەکوردبونی خۆیان لە پاشە ڕۆژدا، کەچی بە تەمەڵ و هیچ لەبارا نەدیو باسیان لێوە دەکرێ کە دەستەڵاتی کوردی خۆیان هۆکاری بوون لەبەر خاتری زوڕناژەنین بۆ عێراقچێتی وبەعەیب زانین بۆ دروست بوونی دەوڵەتی کوردی ومل چەمینەوە بۆ داواکاری وخواستەکانی داگیرکەران هەمووبەها پیرۆزەکان فەرامۆش کراوە.

خۆشەویستان :

بۆ قسە کردن و نووسین ولێکۆڵینەوە لەسەر بابەتێکی وەک بەراورد کردنی بوونی کاژیک بەمێژووی ڕابردوو ئێستای کورد زۆر زەحمەتە لەبەر نەبوونی ئەرشیفێکی زۆر وبەجێ ماو کەبتوانی وەک سەرچاوە سوودی لێ وەرگری ، کە تا ئێستاش نووسەرانیش لە دوای کردنەوەی ئەو دەرگا ڕۆشنبیریەی کە بەڕووی قەڵەمەکانیان کرایەوە لە شۆڕشی چاپ وبڵاوکردنەوەی کوردی ودەست گیرۆدەی کردنیان بۆ هێنانە بەرهەمی هزروفیکریان ،هێشتا تامەزرۆبوون لەسەربوونی هەبوونی بابەتەکان ماون ونازانم هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کاژیک خۆی وڕێبەرانی وبێ دەنگیان ونەخستنە ڕووی ڕاستی ومێژوویەکی دروست وڕێگر لە بەردەم هەبوونی هەندێک زانیاری کاڵ وکرچ .ئەوەی کە تا ئێستا هەیە کە جێگای دڵخۆشی هەمووکوردێکی نیشتیمان پەروەرە ئەو پرۆژەیەی نووسەر و ڕۆژنامەنووس (هاوڕێ باخەوان ) ە کە کۆکراوەی ئەدەبیاتی کاژیکی لە دووتوێ ی کتێبێکدا سەرلەنوێ بەچاپ گەیاندوە لەگەڵ هەندێ پەڕاوێزی پێویست کە بەم کارەشی ناوی خۆی لە نێو مێژووی ئەم ڕێکخراوەدا تۆمارکرد و جێگای سوپاس و پێ زانینی هەموومانە و پرۆژەکەی بووتە سەرچاوەیەکی مێژووی وگرنگ بۆ مێژوونووسان ولێکۆڵەرەوەکانی کورد.

منیش بەش بەحاڵی خۆم بۆ ئەم یادە پیرۆزە کەیادی 51 ساڵ لەدامەزراندنی کاژیک بە ئەرکی سەرشانی خۆم زانی وەکو کوڕی شەهیدێکی ئەو ڕێبازەو هەڵگری بیری پیرۆزی کوردایەتیبەفرسەتم زانی لەم دەرفەتەدا ئەم یادە بەساناى تێ نەپەڕێ بەبێ ئاگای کورد ، بۆ ئامادەکردنی ئەم بابەتەش لە هەبوونی ئەوسەرچاوە کەمەی کە هەیە توانیم دڵۆپێک لە دەریای ئەومێژووە وگەنجینەکەی هەڵ هێنجم ،هیوادارم سوودمەندبێ ونەبێتە جێگای ڕەخنەوگازەندەکردن کە لەیەک دووسەرچاوەوە وەرم گرتوون بەڕیزەوە ناویان دەهێنرێ وسوپاسیان دەکەم کەبێ ئاگاداربوونی خۆیان جارێکی تر دەیخەمەوە بنەردەست خوێنەری کورد هیوادارم لێم قبوڵ بکەن لەبەر خاتری ئەوەی کە خەباتی خۆیان وون نەکرێ وبکەوێتە نێو مێژووی هاوچەرخی کورد ولە داهاتوودا مێژوویەکی ڕاست ودروست بە قەڵەمە بە پێزەکانی میژوونووسانی کورد و سوود وەرگرتن لە یاداشتەکانی ڕێبەرانی ئەو ڕێبازە بنووسرێتەوە و بخرێتە بەردەست نەوەی نوێ،

- بەڕیز( د. جەمال نەبەز ) بێجگە لەوەی سیاسییەکی ناسراوە لە هەمان کاتدا تیۆریسیۆنێکی وریاو بە ناوبانگی هزری ناسۆنالیستی ونەتەوەیی کوردە ،وێڕای ئەوەی دکتۆر نەبەز لە بواری زمان و مێژوودا قەڵەمێکی بەبڕشت و بە ئەزموونە بەڵام بە شێوەیەکی سەرەکی وەک خودانی بیرۆکەی ناسیۆنالیزمی کوردیی چاوی لێدەکرێت،.(1)

با بزانین چۆن باس لە کاژیک و دروست بوونی دەکات ؟

( کاژیک) هەرچەندە وەک حیزب نێوی ڕۆیشتووە،بەڵام لە ڕاستیدا حیزب نەبوو،خۆشی نێوی خۆی نابوو

( کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتی کورد ).

کاژیک، ڕێبازێکی فەلسەفی وبەرهەمی ڕاپەڕینی هزریی ڕۆشنبیرانەی ڕەخنەگرانەی کوردانەبوو،ئامانجی کاژیک تەنێ گەیشتن بە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان نەبوو،بەڵکو هەڵگیڕانەوەی کۆمەڵگەی کوردیش بوو، لە کۆمەڵگەیەکی دەرەبەگی وباوکفرمانی وچینایەتیەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی نەتەوەیی ویەکسان واتە لایەنی ناسیونال و لایەنی کۆمەڵایەتی سۆسیال ی پێکەوە گرێدابوو ،نەتەوەیەکی یەکگرتووی لە کۆمەڵگەیەکی بێ چین دا دەدی ، ئازادی ویەکسانی بە تەواوکەری یەکتری دەزانێ ،ئازادی بێ یەکسانی لە دەسەڵاتداو،یەکسانی بێ ئازادی بە نەبوو نەکراو دەزانێ ،کاژیک لەسەر بنچینەی قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزم دامەزرابوو باوەڕی بەوە نەبووکە شۆڕشێ لەکوردستاندا بە بێ تێپەڕاندنی سەردەمی ڕۆشنکاری سەربگرێ لەبەر ئەوە دەیویست بە نهێنی ولەپێشەوەبێ هەراوهۆریا بکەوێتە ڕۆشنکاری،(

کاژیکنامە)،کەمانیفیستی کوردی یە،بەڵگەیەکی زیندووە بۆ ئەمە کە پوختەیەکی هزری کوردانەی ڕۆشنبیرانەیە.

بەختی کاژیکیش لە بەختی( ژێکاف) جیاواز نەبوو،دووساڵێک پاش دامەزراندنی کاژیک لە ناکاو ڕاپەڕینی چەکداری کە دوایی بووبە شۆڕشی ئەیلوول بەسەرکوردا سەپێنرا،کاژیک خۆی پێویستی بە ماوەیەکی درێژ بووتا بتوانێ بە نێو جەماوەری کوردستاندا پەلبهاوێ ،بەڵام کەشەڕ هەڵگیرساو لەشکری عێراق پەلاماری کوردستانی داومەلا مستەفای بارزانی سەرکردەیەتی بەرخۆدانی گرتە دەست، ئێدی خەڵکەکە بوون بە دوو بەرە،بەرەیەک لایەنگری شۆڕش ،کە زۆربەبوون وبەرەیەکیش دژی شۆڕش کە کەمینە بوون ،کاژیک هەر چەندە هەڵگیرسانی ئەو شەڕەی لەوکاتەدا بە باش نە دەزانی وەک بە بلاقۆکیش دەریبڕی ،بەڵام هەر دەبوو پشتی بگرێ دژی لەشکری داگیرکەری عێراق وگرتنی ،هەر لە بەدبەختی کاژیک ئەو سەردەمە زۆربەی هەرە زۆری خوێندەواران وبگرە نەخوێندەوارانیش لە نێو کورددا ڕژێمی شۆڤێنیستیان بە بووەیەکی پیرۆزونەتین (مصون ) دا دەناو سیاسەتکارانی کوردیش کە هوردە بۆرژوازی و دەرەبەگ بوون ،خۆیان بە مارکسی و نوێنەری پڕۆلیتاریا دەدایە قەڵەم وکاژیکیش سۆڤێت وبەرەی ڕۆژهەڵاتی بە دوژمنی ئازادی و دیکتاتۆر و دژ بە کورد دەزانی لەبەر ئەوە کاژیک نەک هەرلەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە بەڵکو لە لایەن ئەو کوردانە شەوە زۆربێ ویژدانانە بەربەرەکانی دەکرا،ئێدی کاژیک نەیتوانی بەربەرەکانیی ئەم هەموو دوژمنە نێوخۆیی و دەرەکییە بکات و نەشیدە توانی لە تاران و ئەنقەرە و دیمەشق وبەغدا بیرۆ بکاتەوە و دەست پان بکاتەوە چونکە ئەم دەوڵەتانەی بە داگیرکەر دەزانی لەبەر ئەوە ناچاربوو وەک ڕێکخراو لە چالاکی بکەوێ .

- بەڕیز( کامیل ژیر) پارێزەر و نووسەر و یەکێک لە دامەزرێنەری کاژیک دەربارەی پێداویستی دامەزراندنی کاژیک دەڵێ :- (2 )
بەر لە هەرەسی پاشایەتی کە سەربەبلۆکی ڕۆژئاوابوو چەپی کورد وای بلاوکردەوە ،ئەگەر ڕژێمێکی سەر بە بلۆکی ڕۆژهەڵات وکۆمۆنیست بێتە فەرمانڕەوا لەعێراقدا،ئەوا گەلی کورد بەتەواوی بە مافەکانی دەگات ،بەڵام کە کودەتای 14ی تەموز ڕویدا وقاسمی لایەنگری چەپ هاتە سەرتەخت وهیچی بۆکورد نەکرد، ئەوەش کە لە دەستوردا نووسرابوو کوردوعەرەب شەریکن لەعێراقدا ،هەر مرەکەبی سەرکاغەز بوو،جگە لەوەش هەندێ دیاردە سەری هەڵدا بۆ نموونە ڕۆژنامەی (السورە) لەژێر سایەی قاسمدا دەردەچوو بە ئاشکرا بانگەوازی بۆ تواندنەوەی کورد ئەکرد،چەپی کوردیش بەتایبەتی لە حیزبی شیوعی دەستی خستبوە کاروباری پارتیەوە و چەند ئەندامێکیان، ئەندامی لیژنەی مەرکەزی پارتی بوون وەک (حەمید عوسمان ،خەسرەوتۆفیق ، دکتۆر موراد ێک لە سۆڤیتەوە هاتبوەوە ،سالح حەیدەر و...هتد .

ئەمانە هەوڵیاندا ڕێکخراوەکانیش بخەنە ناوحزبی شیوعیەوە بۆ بە کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کورد ئەوەیان بە پێویست زانی کە حیزبێکی یان ڕێکخستنی سیاسی نەتەوەی دروستکەر بە تایبەتی پارتی بۆ خۆشی چەندین سەرکردەی پلە بەرزیان بیری چەپیان هەبوو وەک (هەمزە عەبدوڵلا ،برایم ئەحمەد و دواتریش مام جەلال ، لە هەموو لایەکەوە خواستی بۆ نەتەوەیی هەبووکاژیک لەم بۆ شاییدا دروستبوو.

- بەڕیز مامۆستا( فایەق عارف) ،یەکێکە لە دامەزرێنەرانی کاژیک و ناوێکی ناسراوە لە خەباتی بیری نەتەوەیی کورد،جەختی لەسەر ئەوهەل ومەرجە کردەوە و نموونەیەکی لەم بارەیەوە

هێنایەوە ووتی :- (3 )

دوای هاتنی قاسم لە تەموزی 1958 بە دوومانگ من ومامۆستا جەمال نەبەز، پێمان باشبوو بیروبۆچوونی دەستەڵاتدارانی تازەی بەغدا بزانین ،بۆیە هەستاین یاداشتنامەیەکمان بۆ دامەزراندنی مەعاریفی کوردستان گەڵاڵەکرد تەنیا 12 مامۆستامان دەست کەوت کە ئیمزا لەسەر یاداشتەکە بکات بردمان بۆ بەغداو دامانە وەزیری مەعاریفی عێراقی ،لەم یاداشتە جابر عومەر کە وەزیری مەعاریف دەبێت زۆر تورە دەبێت ودەنێرێت بە دوای ئیبراهیم ئەحمەد وپێی دەڵێت کە ئەم یاداشتە ئینفسالیتە وئیبراهیم ئەحمەد بەهەڵە داوان هات بۆ دوکانەکەی بەشیرمشیرو هەڵوێستی جابرعومەری بۆگێڕاینەوە ،ووتیشی من لای جابر وتوومەکە ئەمە شیوعیەکان نوسیویانە،هەمزەعەبدوڵلا و ڕەفیق حیلمی کە لەوێ بوون سەرزەنشتیان کرد،بەڵام چەپەکان گاڵتەیان بەویاداشتنامەیە دەکرد وبۆ سوکایەتیکردن بەووشەی کوردستانیان دەوت قلیاسان هەروەک چۆن سووکایەتیان بەکورددەکردودەیان ووت کوردئومەنیە،ودواترورردەکاری دامەزراندنی کاژیکی بۆ باسکردین وتی کاژیک لەکۆبوونەوەی سێ باڵ هاتە کایەوەکەبریتی بوو:-

یەکەم / فایەق عارف ، کامیل ژیر ، جەمال نەبەز ، ئیحسان عبدالکریم .

دووم / ئەحمەد هەردی ، عەبدوڵلا جەوهەر ، کەریمی مەکتەبە، شێرکۆ بێکەس ، فەرەیدون عەلی ئەمین ، مامۆستا عەلی ساماغا .

سێهەم / حەمەی عەزیز ، شێخ محەمەدی هەرسین ، عەبدوڵلا ئاگرین ، غەفورئەمین ، وچەند کەسێک تر پێکهاتبوو سەر بە پارتی گەلی کورد کە پارتێکی نەتەوەیی بوو.

کاژیک پارتێک نەبوو بە ئاشکراو سەربەخۆ بنکەو بارەگای خۆی هەبێت بەڵکو شێوازی کارکردنەکەی بوە هۆی ئەوەی کاژیک لە پەراوێزدا بمێنێتەوە.
بەڵام سەبارەت بەمە ڕایەکی جیاواز هەیە کامیک ژیر دەڵێت :-

کاژیک حیزبێکی سەربەخۆبوو،خاوەنی ڕێکخستنی سەربەخۆی خۆی بوو،سەرکردایەتی خۆی هەبوو، بیروباوەڕی ستراتیژی جیاوازی هەبوو،ئەدەبیاتی جیاوازی خۆی هەبوو وەک ( کاژیکنامە ، نەوەی کورد ) ...هتد .

- بەڕیز ( غەفور ئەمین ) کە ئەندامی کاژیک بوو ە، ئەمرۆش زۆربەی کاتی خۆی بە باسی سیاسەت بەسەر دەبات سەبارەت بەکاری کاژیک دەڵیت :- ( 4 ) ئێمە دوومەبەستمان دەپێکا ،یەکەمیان لە ناو پارتیدا بیروباوە ڕی خۆمان بڵاودەکردەوە،دوووەمیشیان لەکاتی شەڕدا گوزەرانی پێشمەرگەمان دابین دەکرد،بەڵێ کاژیک توانی خۆ بگەیەنێتە بارەگای بارزانی هەریەک لە حەمەی عەزیز و شێخ محەمەدی هەرسین کەسایەتی نزیکی بارزانی بوون لەکاتێکدا بیری چەپ لە ناو پارتی دا هێڵێکی بە هێزبوو،کاژیک دەیویست کاریگەری لەسەر بارزانی هەبێت .
لەم بارەیەوە کامیل ژیر ئەڵیت چوونی ئەوان وای کرد پێشمەرگەکانی کاژیک لە ڕاوە دوونان پارێزراوبن هەروەها لە ڕووی نەتەوەیشەوە کاریگەرییان هەبێت .

کامیل ژیر دەڵێ :-

ئیدریس بارزانی زۆر بە بیروبۆچوونەکانی کاژیک سەرسام بووە، نێچیرڤان بارزانی لە کۆنگرەی یانزەی پارتی پێی ڕاگەیاندم کە ئیدریس بارزانی باوکی هەمیشە بەڕیزەوە باسی کاژیکی بۆ کردوە.

- ئەندامانی پێشوی کاژیک سەبارەت بە گەشە نەکردنی کاژیک پییان وایە :- (5 ) کە کورد هێشتا قەناعەت وهۆشیاری نەتەوەی لا دروست نەبووە یان شەڕی بۆ ئیسلام کردوە و وەک دار دەستێک بەکارهاتوە یان بووە بە مارکسی و وەک پاشکۆیەک بووە، سەبارەت بە کاژیکیش پێیان وایە هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول دوای دووساڵ لە دامەزراندنی کاژیک بارودۆخەکەی گۆڕی وشۆڕشی چەکداری دژی قاسم چوە پێش هۆشیاری وبیروباوەڕ .
کۆتایی کاژیک بەخۆ هەڵوەشانەوە نەهات بەڵکو بەخۆ هەڵپەساردن دوایی هات دوای هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە دوای 11ی ئازاری 1974 سەرکردایەتی کاژیک ( کامیل ژیر ، فایەق عارف ،عەبدوڵڵا ئاگرین ، ئەحمەد هەردی ،فەتاح ئاغا، فەرهاد عەبدول حەمید (پاڵەوان ) ، نوری حەمەعەلی ) کۆبونەوەیەکیان سازداو ئەو بڕیارەیان داو جەمال نەبەزیشیان لێ ئاگادارکردەوە.

مامۆستا کامیل ژیر دەڵێت :-

لە گەرمەی شەڕ هەڵگیرسانەوە لە شاری نەغەدە نزیکەی 30 کەس لە سەر کردایەتی و کادیرەپێش کەوتوەکانی کاژیک کۆبوونەوەیەکیان سازدا لەو خانوەدا کە ماڵی کامیل ژیر و ئەحمەد هەردی تیا نیشتەجێ بووکە خاوەنەکەی حاجی سەید مستەفا بوو ،بڕیاری هەڵپەساردنی کاژیکمان دا ،هۆی ئەو بڕیارەش ئەوە بوو کە ئێمە نەمانویست لە بەردەم شۆڕشدا هیچ قۆرتێک دروست بێت، تەنانەت باڵی مەکتەبی سیاسی دوای چەندین ناکۆکی هەمویان لە ڕیزی شۆڕش دابوون، ئێمەش هەر یەکێتیەکی بەهێزمان دەیویست لە دژی داگیرکەر، سەرکەوتنی شۆڕشەکەمان لە حیزبایەتی لا گرنگتربوو بەڵێ کاژیک هەڵپەسێردرا بەڵام لە پێنجوێنەوە کۆمەڵی گەنجی نەتەوەیی بە سەرۆکایەتی شەهید ئازاد مستەفا ئەم هەنگاوەیان بە نوشستی داناو بڕیاریان دا بە ناوی کاژیکەوە بەردەوام بن .

- بەڕیز مامۆستا ( لەتیف قەرەداغی ) لە ووتارێکیدا لە ژێر ناونیشانی ( ئەو دەمەی شەهیدان دەگەڕێنەوە تەنیا کەچی پیشەی ئێمەی بێ وەفایە) کە بۆ شەهیدی نەتەوەیی نەمر محەمەد دەروێش نادری نووسیوە لە بەرواری 1994/9/5 داو لایەنێکی تری کاژیک ئاشکرا دەکات :- (6 )

لەکۆتایی پەنجاکان وسەرەتای شەستەکانا...بیروباوەڕی نەتەوەیی کوردی کڵپەی سەند...ئەوبرایەتی یە گۆڕکرا.....داگیرکەرانی کوردستان ....لەدەمی پێویستیا بەکاریان نەهێنا بۆ بەرژەوەندی نەبوایە نزیکی نە ئەکەوتنەوە، ئەو حیزبە ناوی( پارتی گەلی کورد) بوو زۆر ڕێکخراوی جەماوەری بۆ (قوتابیان ولاوان وئافرەتان ) یەکێک لەوانە (لاوانی نەتەوەیی کورد) بوو بیرم دێ بۆ یەکەم جار پێ یان ووتم تۆ پەیوەندی بە (کاکە حەمەی دەروێش نادر ) ەوە بکە، هێشتا (کاکە حەمەم )نەدیبوو چووم بۆ سەرکارێز لەسەرناونیشان دۆزیمەوە، کە چاوم پێ کەوت گەڕامەوە ،ووتم من چۆن ئەوم بۆ بەڕیوە ئەبرێت کە تەماشام کرد (4.3 ) کەس لە دەوری ئەون، تێم ڕوانی سەری قسە هەربە دەست ئەوەوەیە و پێم ووتن بەکەسێکی تری بسپێرن بە تایبەتی لە (15-16 ) ساڵ تێ نەپەڕی بووم لە دوای ئەوە سەپاندیان وکردیان بە فەرمان، ئەمجارە هەرچۆنێک بووخۆم گەیاندە لای وپێم ووت :- کاکە حەمە لە لاوانەوە ڕایان سپاردووم بابەتەکانی (حیزب ولاوان ) ت پێ بگەیەنم ووتی :- مانای ڕێکخەری (من ) ی ووتم نا!! ووتی بۆچی نا...تۆ ئەخوێنیتەوە (من ) ناخوێنمەوە پێویستە ئێوە ڕێکخەری ئێمەبکەن وخزمەتی ئەم نەتەوەیە بکەن ،دوای ئەوە هەرجارێک (گۆڤاری چرای کوردستان ) م بۆ ئەبرد ( 5 ) دیناری ئەدا لەودەمەدا کە (20 ) مەلزەمە کاغەزی ئەکرد دوای ئەوەش هەفتەی نەئەبرد هەموو جارێک (4-5 ) دیناری تری تەسلیم ئەکردم، پێم ووت :- بە هەر کەسێکم داوە (ڕوبعێک )م لێ سەندوە بەلایەنی کەمەوە زۆریش (دینار) بووە ، هەموو جار ئەی ووت:- نەمرم چاپتان بۆ پەیدا ئەکەم هەتا ئەم چرایە نەکوژێتەوە،بەم

جۆرە ڕۆیشتین هەتا ساڵی 1964 پارتی گەلی کورد بەخۆی و هەموو ڕێکخراوەکانی یەوە(قوتابیان و لاوان و ئافرەتان ) توایەوە لە ناو کاژیک داو بەو ڕەنگە ناوی پارتی گەلی کورد لە مێژوودا نەما بوو بە کاژیک .
- بەڕیز ( حەمەی عەزیز ) خاڵە حەمە لە ووتارێکدا بە ناونیشانی ( بیرەوەری........ ئاوڕێک لە ڕابوردوو یەکی نزیک ) لە چەند پەڕەیەکیدا باس لە هاوکاری کاژیک و شۆڕشی ئەیلول دەکات :- (7)

ئێمە وەک خەڵکی نەتەوەیی و دڵسۆز بە کوردوکوردستان، پێمان وابوو هەستی نەتەوەیی هێشتا بە چاکی گەلاڵە نەبووە وگەلەکەمان زێدەتر پێویستی بە وریابونەوە و خۆناسین هەیە،بەشێکی زۆری میللەت سەرگەرمی خەباتی چینایەتی بوون لەسەر ئاستی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان ،بەشێکی دی تا ڕادەیەک لاسایی ئەوانیان دەکردەوە، بە هیوا بوون لەسەر بەردی بناغەی برایەتی کورد و عەرەب پیلانەکانی ئیمپریالیزم ووردوخاش بکەن بێ بەهرە ڕەنجی خۆیان بەبادەدا، لەگۆشەی بەستنیان نەبێ بە ڕەو ڕەوەی ئیمپریالزمەوە باسی دەوڵەتە داگیر کەرەکانیان نەدەکرد،بەشەکانی دیکەش ،هەریەکەیان بەشێوازی خۆی خەریکی پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان بوون و تاک تاکە نەبێ زۆربەیان شارەزاییان نەبوو لە بیرو بزووتنەوە و هەستی نەتەوەییدا.

لەو بارودۆخەدا،ئێمە کە بە بیر چاک و بە ژمارە کەم، هەر دەبوو پەنا بەرینە بەر خەباتی نهێنی وبەکاوەخۆ بیرو بۆچوونی خۆمان ڕابگەیەنین ،موسڵمانێکی ناسیونالیست لەسەری نووسیبووین کە بزووتنەوە و شەقاوە کانمان کیسەڵ ئاسایی بووە، ئەو زەمە بەلای منەوە پێدا هەڵدان بووە.
مەبەستمان لە خەباتی ژێر زەمینی، خەباتی خوێناوی نەبوو،بەڵکو خەباتی وورياكردنەوەی گەل و ڕاگەیاندنی بیرو بۆچوونی خۆمان بوو سەبارەت بە پێناسینی دوژمنی ڕاستەقینە بە کوردو بە هەموو خواستە ڕەواکانی ، لەو ڕووەوە لە خۆمان زێدەتر کەسمان لەگەڵدا نەبوو،ڕێکخستنە سیاسیە کوردستانی وعێراقییەکانی کوردستان زۆر بەرچاو تەنگ بوون ،لای ئەوان ئێمە ناوبانگمان باش نەبوو،چونکە ئەم عەیبانەمان هەبوو،دەمانگووت کورد نەتەوەیە ، نەتەوەی کوردیش هیچی لە نەتەوەکانی دی کەمترنیە ،کوردستان نیشتیمانی کوردەو یەک پارچەیە وسنوورە دروستکراوە سەپێنراوەکانی ،نەمرنین و ڕۆژێک دەبی نەتەوەی کورد نەیانهێڵن ،دەمانگووت نەتەوە یەکسان بێ و کوردستان خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی بێ، دەمانگووت دەزانین ئەو ئاواتە پیرۆزە هەروا بە قسەو نووسین نایەتەدی ،بەلام دەبێ منداڵانی کوردی پێ پەروەردە بکەین تا پێبەندبوونی خۆیان بە کوردستانی نیشتمانیانەوە بەهێزبێ وخۆشیان بوێ وپاشە ڕۆژ هەوڵی سەرفرازی بۆ بدەن ،دەمانگوت کورد گوناهێک ناکا ئەگەر هەوڵبدا خۆی لە ژێردەستی برایانی عەرەب وتورک وفارس ئازاد بکا،لەسەر ئەم دروشمانە پێیان دەوتین (ئینفسالی ) پیاوی ئیمپریالیزم وشەریکاتی نەوت ،گومان لێکراو وجەماعەتی چوار پارچەکە، کورد کوژە و بیر تەسک

....تاد، ئەو تومەتانە برایانی پارتی ،برایانی کۆمۆنیستی ئەوسالانە دوایان دەخستین ، کە پێوەندییەکانی نێوان ئەو دووانەش گرژییەکی تێبکەوتایە نیوەی ئەوتومەتانەو هەندێکی دیکەش وەک دەرەبەگ و بۆرجوازی لێ زیاد دەکرا لەلایەن کۆمۆنیستەکانەوە دەخرانە پاڵ پارتی ،ئەو تومەتانە هەر هەمووی درۆبوون،بەلام بەرچاوتەنگی وترسی ئەوەی هەر ڕێکخستنێکی نوێ دروست بێ لە ژمارەی ئەوان کەم دەبێتەوە، بە توندی بەربەرەکانی بیرو ڕێکخستنی نوێیان دەکرد.

- خاڵە حەمە بەڕیز حەمەی عەزیز لە بەشێکی تری ووتارەکەیدا ........

کاتی بەستنی کۆنگرەی 6 شەش ،چەند مانگێک بوو پارتی گەلی کورد و کاژیک ببوونە یەک ولەژێر ناوی کاژیک ودروشمی کوردستان بۆ کوردویەکسانی بۆ گەل وەک ڕێکخستنێکی نەتەوەیی درێژەی بە چالاکی خۆیدا هەر لەسەرەتاوە دەیان لاوی کوردی نەتەوەیی هاوبەشی شۆڕشیان کردبوو،بۆ ساردنەبوونەوە،دوای کشانەوەی لەشکر لە بەرەکانی ئەزمڕ و دەربەندەکان لەسەر فەرمانی (م،س ) لە دروستکردنی پێشمەرگە لە نێو شاری سلێمانیدا نەتەوەییەکان ڕۆڵێ خۆیان هەبووە(لێرەدا پێویست ناکات لە دوو چۆنیەتی دروستکردنی پێشمەرگەی ناوشار بنووسم ،لە نووسینەوەی بیرەوەریەکانمدا ئاماژەم بۆ کردووە) باڵی (م،س ) لە ڕێگەی ڕاگەیاندن ولایەنگرانیانەوە هەوڵیان دەدا خەڵکی بهێننە سەر ئەو باوەڕە کە بارزانی کوردی فرۆشتوە،دیارە تا ووتوێژو ئاگر بەست درێژە بکێشێ ئەو جۆرە بانگاشەیە گوێگری دەبێ وەک لەسەرەوە نووسیوومە ئێمە لەسەرەتاوە لەگەڵ شۆڕشدا بووین لە دوای ئەو بارە نوێیە ئەوسا دووبارە بڕیارماندا کە لە نێوان شۆڕش و داگیرکەردا بێلایەن نەبین چ لایەک درێژەی بە شۆڕشدا ئێمە بێ هیچ مەرجێک سەربازی بێ ناوی شۆڕش دەبین و دڵسۆزانە خزمەت بە شۆڕش وبەڕیوەبەری شۆڕش دەکەین کاک نەوشیروان مستەفا لە بەرگی یەکەمی بیرەوەریەکانی لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ لە لاپەڕە 221 دا ئەو شاهیدیە بۆ نەتەوەییەکان دەدا کە دەڵێ کاک جەلالی حاجی حوسین کاژیک بوو بەلام بە دڵسۆزی خزمەتی شۆڕش وبارزانی دەکرد، ئەو هەڵوێستەی شەهیدی لەدەستچوو هەڵوێستی هەر نەتەوەییەک بوو،چونکە نە دەکرا مرۆڤ دڵسۆزی شۆڕشێک بێ ولەهەمان کاتدا دژی سەرۆکی شۆڕشەکەبێ بە تایبەتی ئەوسا شۆڕش و بارزانی تەواوکەری یەکتر بوون جا بۆ ئەوەی گردەبڕ دڵنیابین لە هەڵوێستی سەرۆک بارزانی چوومە دیدەنی وبەکراوەیی ئەوباسەم لەگەڵدا کردەوە لە وەرامدا ووتی من کورد نافرۆشم ،دەست لە شۆڕش هەڵناگرم و ئەوانەی ئەو تۆمەتە دەخەنە پاڵ من خۆیان پاک نین ،پێشمەرگە وگەل برسی وماندووبوون ئابڵۆقەی ئابووری لەسەر کوردستان و ناوچە ئازادکراوەکان هەبوو ،دارایی و داهاتێکی ئەوتۆمان نەبوو بێجگە لەویارمەتیە کەمەی سۆڤیەت بۆمان دەنێرێ ، بڕوام بە هیچ بەڵێنێکی میری نیە، دڵنیاین و خوا کەریمە دوای ئەودڵنیابوونە دووبارە بڕیارماندا کەل ەگەڵ شۆڕشدابین کە لەخۆیا دەکاتە قبوڵکردنی سەرۆکایەتی بارزانی تا ئەو لەشۆڕشدا بێ وخزمەتی کورد بکا ئێمەش لەبن باڵیا درێژە بە تێکۆشانی خۆمان دەدەین هەر لەودەمانەشدا لە ئایاری 1964 دا یاداشت یا بیرەوەریەکمان دا بە

بارزانی باری کوردستان وناوچەکە وهەڵوێستی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان و زلهێزەکان و بەرژەوەندیەکانیان، تێڕوانینیان لە کێشەی کوردو مەترسی و نیاز خراپیان بەرامبەر خواستە ڕەواکانی گەلی کورد، بۆ نووسی .
بە وەرگرتنی ئەوهەڵوێستەشمان لەلایەن باڵی (م،س ) وە خراینە خانەی نەیاران ولەوەبەریش خۆشیان لێمان نەدەهات و پێیان دەووتین جەماعەتی چوار پارچە ،هێمایە بۆ چوار پارچەی کوردستان بەڵام وەک گاڵتە پێکردن دوایان خستبووین ،کورد کوژەشیان پێ دەووتین وابزانم لە خورمای کورد کوژەوە وەریانگرتبوو.

سەرچاوەکان :-
1- دیمانەیەکی د.جەمال نەبەز لەژمارە (48) ی شوباتی 2008 ساڵی چوارەم ، (نێوەند) گۆڤارێکی سیاسی ڕۆشنبیریی گشتی ئازادە ولە سلێمانی یەوە بڵاودەکرێتەوە.
2- بابەتی لاپەڕە حەوتی ژمارە 28 ی کانوونی دووم 2008ی گۆڤاری( هاوبیر) کە گۆڤارێکی ڕامیاری ئازادە و هاوبیرانی نەتەوەیی دەریدەکەن .
- هەمان سەرچاوەی گۆڤاری هاوبیر ی ژمارە 28ی ساڵی 2008 . 5,4,3
6 – پەرتوکی سیمای شەهید محەمەد دەروێش نادر لە ئاگری زەمبوردا ،چاپی یەکەم ساڵی 1995 – دهۆک
ل 229 – 236 .
7 – ووتارێکی حەمەی عەزیز خاڵە حەمە لەگۆڤاری (باسکار )ی ژمارە (3) ی ساڵی 1999 کە گۆڤارێکی وەرزیی باس ولێکۆلینەوەیە لە لەندەن بڵاودەبێتەوە.